# بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر بنەمای لۆجیک

**مسلم حەسەن محمد**

بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** dr.muslimhasan2004@uor.edu.krd

**جوتیار اسماعیل جمال**

بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Jutyar.01457@gmail.com

**پوختە**:

لۆجیک ڕۆڵی پێوەر و چوارچێوەی بیرکردنەوە دەگێڕێت. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە مەبەست بیرکردنەوەی ورد و ڕێکخراو و مەبەستدارە، مەرج نییە ئەوەی ڕەخنەییانە بیردەکاتەوە ببێت بە ڕەخنەگر، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، لە هەر "بەرییەککەوتن و ڕەفتارێک، ئارگیومێنت، بەڵگە و چەمک و بڕیار" ڕۆڵ دەگێڕێت، ئەمانەش لەڕێگەی گفتوگۆ، لێکدانەوە، وردبوونە بە ڕەچاوکردنی پێوەری لۆجیکی ئەنجامدەدرێن.

گفتوگۆ و بیرکردنەوەکان سەر بە لۆجیکن، لۆجیک ئامرازێکی کراوەیە بۆ شێوازی بیرکردنەوەی سەرجەم مرۆڤەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لێهاتووییەکە بە ڕاهێنان و کار لەسەرکردنەوە وەدیدێت و گەشەی پێدەدرێت، لەبەرئەوە تەواوی مرۆڤەکان لە بوونەوە ڕەخنەییانە بیرناکەنەوە، بەڵکو زۆرجار لە بازنەیەکی سنورداردا بیرکردنەوە بەند دەکرێت، ئەمەش پێچەوانەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە.

**کلیلە وشەکان:** بیرکردنەوە، لۆجیک، ئارگیومێنت، بڕیار، ناڕەخنەگرانە، ڕاستی.

**پێشەکی:**

ناسین و ئاشنابوون بە: "لۆجیک و ئارگیومێنت و کردەی هەڵنهێنجان و ئەنجامگیری"؛ پێویستی بناغەیین بۆ بەرجەستەکردنی لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. لەم توێژینەوەدا هەوڵی شرۆڤەکردنی هەریەک لەم توخمانە دەدرێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری و هەنێکجاریش بە ناچاری میتۆدی کتێبخانەییمان بەکارهێناوە، لە ڕێگەی ئەم میتۆدانەوە هەوڵدراوە لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە شرۆڤە بکەین و خوێنەر تێگەیشتنی پێویستی لەبارەی لۆجیک هەبێت.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە لە (٣) سێ تەوەر پێکهاتووە:

یەکەم: لۆجیک: ئەم تەوەرە وەک دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو بابەتەکە.

دووەم: چەمکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر بنەمای لۆجیک: لێرەدا شرۆڤەی سروشت و تایبەتمەندی و پێوەرەکانی ئەم لێهاتووییە دەکەین.

سێیەم: بەراوردی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی-لۆجیکی لەگەڵ بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانەی-نالۆجیکی: ئەم باسە شرۆڤەیەکی بەراوردکارییە، لەپێناو ئاشکراترکردنی لێهاتوویی بیرکرنەوەی ڕەخنەگرانە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوە لە ئەوەدایە کە لەبارەی لێهاتووییەکەوە دەدوێت کە پەیوەندیدارە بە تەواوی چالاکییەکانی ڕۆژانەوە. ئاگایی خوێنەر ئاڕاستە دەکات ڕووە و ڕۆڵی گرنگی شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجمان شرۆڤەکردنی گرنگیی لۆجیک و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، ئامانجمانە وڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە: لۆجیک چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لە شێوازی بیرکردنەوە و هەڵوێستەکاندا؟ ئایا تاک بە سروشت لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی بەرزە؟ چۆن دەتوانرێت تاکی داهێنەر و نوێخواز دروستبکرێت؟

## 1 - لۆجیک"Logic"

لۆجیک لقێکی سەرەکی فەلسەفەیە، تیۆرێکی گشتییە بۆ دەستەواژەکان و بەشێکی بناغەییە بۆ بیرکردنەوە (Paul, 1968, 9). ئامانجی ناوەندی لۆجیک بریتییە لە پەسەندی ئاوەزی"ژیری" زانستی لۆجیک بەیەکێک لە زانستە گرنگەکان وەسفدەکرێت، چونکە وەک دەروازەیەکە بۆ زانستەکان. ئامرازێکە بۆ بنەمای کاری فەلسەفی و تێگەیشتن. لۆجیک زانستێکی نۆرمەتیڤ"Normative"-پێوەرییە، لێکۆڵینەوە لە بیرکردنەوە و دەربڕین دەکات. لێکۆڵینەوەیە لە سروشت و پێکهاتەی بەڵگەکاری و سەلماندنەکان (Paul, 1968, p: 26-27). کرۆکی لۆجیک بریتییە لە هەڵهێنجان"ئیستدلال، ئیستنبات و ئیستنتاج-دەرئەنجام" کە جوڵانەوەیە لە زانراو بەرەو نەزانراو،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەویش لە پێشەکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت بەرەو ئەنجامێک، ئەم پرۆسەیەش لە ڕەوتی ئارگیومێنتدا جێبەجێدەکرێت (جەباری، ٢٠١٥، ٩٥).

لۆجیک گرنگی بەوە نادات کە بیر لە چی دەکەینەوە، بەڵکو گرنگی بە بەهای بیرکردنەوە، نوسین و ئاخافتن دەدات. لۆجیکییەکان دەپرسن: بناغەی باشە یاخود ڕاستی، هەڵە چییە؟ دەستور و یاساکەی چۆنە؟ لۆجیک لای (ئەریستۆتێلیس"٣٨٤-٣٢٢ پ.ز") تەنها لقێک نییە لە فەلسەفە، بەڵکو ئامراز و دەروازەی فەلسەفە و تێگەیشتنە لە فەلسەفە. لۆجیک لای "جۆن دیۆی'١٨٥٩-١٩٥٢'" بنەمای گونجاندنی ئاوەزە لەگەڵ واقیعدا. لەبەرئەوە لۆجیک ئەڵقەی پەیوەندی نێوان تیۆر و کردار، واقیع و ناواقیع، ئاوەز و ئەزموونە، واتە، ئەوە لۆجیکە پێماندەڵێت دەربڕینێک تاچەند دروستە و لە واقیعدا ڕاستە و شیاوی پیادەکردنە، پێوەرەکانی لۆجیک پێماندەسەلمێنێت کە دەربرینێک لە ڕووی پێکهاتەی زمانەوە دروستە، بەڵام بەراورد بە واقیع هەڵەیە. لێرەوە دەردەکەوێت لۆجیک هەڵگری ڕەهەندی تیۆری و کردارییە، پەیوەست بە کارایی هەردوو ڕەهەندەکە دەمێنێتەوە ( Lacey, 1996, p: 185).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت؛ بۆ سەلماندن یاخود پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی و هەڵەی دەستەواژەیەک لۆجیک دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەکانی واقیع"دەرەوە". بەڵام دروستی و نادروستی بۆ پێکەوەلکاوی نێوان پێشەکییەکان و ئەنجام دەگەڕێتەوە، بەڵگەی لۆجیکی دروست ئەوکاتەیە کە ئەنجام لەڕووی پێکهاتەی زمانەوانی دروست بێت و لەڕووی واقیعییەوە ڕاست بێت (جەباری، ٢٠١٥، ٩٧).

لۆجیک لەگەڵ "ئەریستۆتێلیس'٣٨٤-٣٢٢ پ.ز" وەک ئامرازێکی فەلسەفە و چالاکی هەڵهێنجای دەستەواژەکان بنیاددەنرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لۆجیکی ئەریستۆ لە پێشەکییەکی ئاوەزیی و گشتییەوە ئەنجامێکی کرداریی هەڵدەهێنجێت، ئەمەش لۆجیکی ئەریستۆی دوچاری ڕەخنە کردەوە، چونکە دەبێژن ئەنجام زانیارییەکی نوێ ناداتبەدەستەوە، بەهۆی ئەمەوە لە سەردەمی ڕێنسانسەوە لەڕێگەی "کۆپەرنیکۆس'١٤٧٣-١٥٤٣'، گالیلۆ'١٥٦٤-١٦٤٢'، بەیکن'١٥٦١-١٦٢٦'" و فەیلەسوفانی تر میتۆدی ئیستقرائی و لۆجیکی نافۆرماڵ بۆ گەشەدان و کەمکردنەوەی ڕەخنە و سەرنجەکان لە لۆجیک دەرکەوت (بەزاز، ٢٠١٩، ١٨١-١٨٧).

لۆجیک بە مانا فراوانەکەی، هەم زانستە هەم هونەرە، زانستە لەڕوانگەی ئەوەی کە وەسفێکی ڕێکخەرە بۆ ئەو ڕێگەیەی کە چالاکی بیرکردنەوەی پێدا ڕەتدەبێت، هونەرە لەسەر بنەمای ئەوەی کە لەڕێگەی پێوەرەکانییەوە وا لە پرۆسەی بیرکردنەوە دەکات کە ئامانجدار و مەبەستدار بن، پاشان هەر لۆجیکە ڕۆشنایی دەخاتەسەر بەربەست یاخود هۆکارەکانی شکست لە ئەنجامدانی کارێک یاخود چالاکی ئایدیایەک (النجیحی، ١٩٧٤، ٢٠٧).

وێڕای ئەوەی لەنێوان تەواوی لقەکانی فەلسەفەدا پەیوەندی و بەیەکداچوون هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لۆجیک پەیوەندییەکی توندوتۆڵ تری لەگەڵ تیۆری زانین، ئۆنتۆلۆژیا و ماتماتیکدا هەیە. لۆجیک هونەری گفتوگۆکردن، نوسین و بەڵگەهێنانەوە و سەلماندنە، بنەمای سەرەکی بیرکردنەوەیە، بەهای بیرۆکە و دەستەواژەکان کە زادەی ئاوەز"ژیری"ن لەڕێگەی لۆجیکەوە ڕاستگۆیی"Validity"، ناڕاستگۆی"Invalidity"یان بەدیدەهێنرێت، بنەما یاخود ئامانجی دیالۆگ و گفتوگۆکردن گەیشتنە بە ڕاستی، زانیاری نوێ یاخود سەلماند؛


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لۆجیک ئامرازی گەیشتنە بەم ئامانجانە. مەبەست لە بیرکردنەوە تەنها بیرکردنەوەی فەلسەفی یاخود تیۆری نییە، بەڵکو لۆجیک یاسای بیرکردنەوەیە"Laws of Thought"، هەمووانیش هاوبەشن لە ئەوەی کە بیردەکەنەوە. لۆجیک بە مانا گشتییەکەی پەیوەستە بە گشت کایەکانی ژیانەوە، لە پەروەردە، ڕامیاری، ئاکار...هتد. پیادەکردنی بنەماکانی لۆجیک لە بوارەکانی ژیاندا تاک دەکات بە هاوەڵی سەلماندن و بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بەرپرسیارانە. بۆ لۆجیک گرنگ نییە ناوەرۆکی بیرکردنەوەکان چین، بەڵکو بیرکردنەوەکان ڕۆشنتر، ئاشکراتر، کاریگەرتر دەبن ئەوکاتەی هەڵگری فۆرمی لۆجیکی بن. لۆجیک پەیوەست بە سێ کردە ڕۆڵی وەک پێوەری بیرکردنەوە و دەربڕین دەگێڕێت کە بریتین لە (Paul, 1968, p: 1):

١- تێگەیشتن لە مانا.

٢-هەڵسەنگاندن.

2- ئەنجامگیری و بڕیاردان.

## 3 - بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر بنەمای لۆجیک:

زۆرێک لە فەیلەسوفانی پەروەردە پێیانوایە پێناسەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئاسان نییە، چونکە ئاشکرا نییە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە چییە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمە بوارێکی ئاوەزییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی فەیلەسوفانی پەروەردە هەوڵیانداوە چوارچێوەیەکی ئاشکرا بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بنیادبنێن (Siegel, 2020). بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە هێزێکی ئاوەزییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان. لەڕووی چەمکییەوە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەواتای توانستی بەرزی بیرکردنەوەیە لە چواچێوەی: "بڕیاردان، هەڵسەنگاندن، دەربڕین، جێبەجێکردن"، ڕێگاکانی گەیشتن بەم توانستە: "گومان، پرسیار، بەراوردکاری، بینینی ناکۆکی و کێماسییەکان"ە، پاشان بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە دانانی بڕیارێک بۆ: "بەڵگەیەک، گریمانەیەک، تێڕوانینێک"، لەپێناو چەسپاندنی باوەڕێک (Collins & O'Brien, 2003, p: 87).

کێڵگەی جموجۆڵی ژیر و هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لۆجیکە. لۆجیک تایبەتمەندە بە بیرکردنەوە، هەوڵدەدات لە پێشەکییەکی ڕاستییەوە بەرەو ئەنجامێکی پەیوەندارییی ڕاستی هەنگاوبنێت (ڕەفیق، ٢٠١٤، ٤٢-٥٥).

لێرەوە لۆجیک و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەیەکەوە سیستمێکی ئاوەزی بۆ لێکۆڵینەوە لە بناغەکانی ئەنجامگیری پێکدەهێنن، بۆنموونە کاتێک کەسێک دەبینی پێدەکەنێت؛ ڕاستەوخۆ تێدەگەی کە ئەو دڵخۆشە، چونکە پێکەنین ئەنجامێکی دڵخۆشبوونە (Storey, 2013, p: 3). هەروەها لە گفتوگۆ و دیالۆگەکاندا ئەوەی ڕۆڵی نێوەندی و پێوەری دەبینێت بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە (Ahmed, 2020, p: 12). لە ئەمەوە دەردەکەوێت کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە دوو ڕەگەز پێکهاتووە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**یەکەم**: لۆجیک و زانین: بیرکەرەوەی ڕەخنەگرانە ئەو کەسەیە لێهاتووە بۆ بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی ئاوەزەییانەی ئارگیومێنت و جوداکردنەوەی باش لە خراپ ئەوانیش لەژێر ڕۆشنایی زانیاری و بیرکردنەوەی لۆجیکیدا.

**دووەم**: خو و نەریتی ڕەخنەگرانە لە ئاوەزی تاکەکەدا: بەوەی کە سروشتێکی ڕەخنەگرانەی هەبێت تاکو خواستی بەڵگە و پرسیاری ئاوەزەکی بێت (Winch & Gingell, 2008, p: 46).

"بیرکردنەوەی لۆجیکی" چییە؟ بیرکردنەوەی لۆجیکی بزوتنێکی هەڵهێنجانیی ئاوەزییە، لەبواری پەروەردەدا پەیوەست بە پڕۆسەی گەشەسەندنی زەین و بەهای لێکدانەوەکانی ئاوەز کاردەکات. بیرکردنەوەی لۆجیکی بیرۆکە و دەربڕینی: "ڕێکراوەیی، زنجیرەیی و بەیەکەوە گرێدراوی بیرۆکەکانە"، ئەوەش لەپێناو ڕوونبوونەوەی ماناکان و ئەنجامەکان لەسەر بنەمای ئارگیومێنتە شیاوەکانە (Collins & O,Brien, 2003, p: 210). لە ڕێگای لۆجیکەوە ڕاستی و دروستی ئارگیومێنت دەردەخرێت، هەر لە ڕێگای لۆجیکەوە فێری ناسینی تەڵەکانی زمان و ئەنجامگیری هەڵە و نادروستەکان دەبین، لۆجیک بریتییە لە ئەو سەبجێکتەی مرۆڤ لە زیادەڕەوییەکان دەپارێزێت (Paul, 1968, p: 23-25)، بۆنموونە زیادەڕۆیی لە قوڵبوونە لە تیۆر و بابەتە ئەبستراکتەکاندا، یاخود زیادەڕەوی لە مانەوە لەنێو ڕواڵەتدا، یاخود بابەتە ماتریاڵەکاندا، یاخود لۆجیک بە ئاگاماندێنێت دێنێت لەوەی کە ئەنجامگیرییەک، بەڵگەیەک هەڵهێنجراوی پێشەکییەکەیەتی یاخود نا، لە لایەکی دیکەوە پێوەری لۆجیکی ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی پێویستە دەستەواژە و بیرکردنەوەکان ڕاست و دروستبن، دەستەواژەی ڕاست و دروست بە پێوەری لۆجیکی، واتا پێویستە هەم لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە دروستبێت؛ هەم ڕووی واقعییەوە ڕاستبێت (سەعید، ٢٠١٩، ٨).

بەمشێوەیە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لێهاتووییەک"Skill"ی پوختی تاکە بۆ ڕوانین لە دیاردە ورد و جیاوازەکانی ژیانیی، پەیوەندییەکی پێکەوەلکاوی هەیە لەگەڵ ئاوەز، واتە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە توانستێکی پەروەردەییانەی ئاوەزە، سیستمێکی ئاوەزییە بۆ ستراتیژی ژیانی ڕۆژانە (Ahmed, 2020, 8). بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تەنها لە گفتوگۆی زارەکی یاخود نوسیندا ئامادەیی نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە سروشتێکی ڕەنگدانەوەیی"Reflective"ی هەیە و پەرە بە تێگەیشتن دەدات، لە: خوێندنەوە، نوسین، ئاخافتن، هەر بەریەککەوتنێک، لە داهێنان، چاککردنەوە...هتد، لە هەمووواندا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەکارە (سەعید، ٢٠١٩، ٧)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لێهاتووییەک نییە مرۆڤ لە ئەزەلەوە هەڵگریبێت، بەڵکو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە توانست و لێهاتووییەکە بە ڕاهێنان و فێرکردن گەشەی پێدەدرێت، بەڕێی پڕۆسەیەکی بەردەوامی فێرکردنەوە پێدەگات، چونکە پەیوەندارە بە گۆڕینی نەریتەکانی بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (عبدالرحمن، ئەوانی تر، ٢٠١٩، ١٠٦).

لە ڕووی مێژووییەوە ڕیشەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆیەکەمجار لای سۆکرات چوارچێوەی بۆ دارێژرا، سۆکرات لەڕێگەی پرسیار و گفتوگۆ و ڕەخنەکردنەوە سیستمە فەلسەفەیی و تێڕوانینەکانی ئاوەڵادەکرد،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەمانەش باشترین ستراتیژەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەن. پاشان بە دەرکەوتنی لۆجیک لای (ئەریستۆتێلیس"٣٨٤-٣٢٢ پ.ز") بیرکردنەوە وابەستەی لۆجیک بوویەوە، بەڵام بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لۆجیک خرایە خزمەت تیۆلۆژیاوە (سەعید، ٢٠١٩، ١٠).

بەڵام بەگوێرەی بەشێکی تر لە پۆلێنەکان، مێژووی گەشەسەندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەکرێت بە سێ شەپۆل، شەپۆلی یەکەم: لە دەیەی "١٩٧٠" لەڕێگەی دوبارە واتاپێدانەوە بە لۆجیک و هەڵهێنجان؛ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتووی تاک بەهای بۆ دانرا. شەپۆلی دووەم لە دەیەی "١٩٨٠"ەوە بەڕێی پێکەولکاندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەگەڵ بیرکردنەوەی داهێنەرانە سەرەتایگرت، پێداگۆجی ڕەخنەگرانە لەم شەپۆلەوە دەرکەوت. شەپۆلی سێیەم زۆرتر قوڵبوونەوە و فراوانکردنی ئەم چەمکەیە، لەم شەپۆلەدا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وەک بناغەیەک بۆ دید و تێڕوانینەکانی تاک و لێهاتوییەکی بەرزی بیرکردنەوە پەرەپێدرا و بووە بەشێکی گرنگی خوێندن لە پۆلەکاندا. لێرەوە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وابەستەی کایەی پەروەردەکرا و کرایە بنەمای هەڵسەنگاندنەکانی کاری پەروەردەیی. لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە سروشتێکی ڕەنگدانەوەیی"Reflective" هەیە، لە فێرکردنەکانی بواری پەروەردە ڕۆڵی داینامیکی و پێگەیاندنی پرۆسەی پەروەردەیی دەبینێت (Ahmed, 2020, p: 13-16)، چونکە کردەی فێرکردن و فێربوون لەگەڵ ئاوەزی فێرخواز نەشونما دەکات.

هەروەها لە ئێستادا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وەک دیوی دووەمی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لێدەڕوانرێت، چونکە بیرکردنەوەی داهێنەرانە پێوەرەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەیڕەودەکات، بەڵام ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لەپێناو بەرهەمهێنانی بیرۆکە و ئەنجامێکی نوێ، هەروەک کاری داهێنەرانە بریتییە لە دۆزینەوەی شتێکی نوێ کە پێشتر باسنەکرابێت یاخود نەدۆزرابێتەوە (الأشقر، ٢٠٢٠، ٤٣).

بەمشێوەیە ئەم لێهاتووییە لای "جۆن دێوی'١٨٥٩-١٩٥٢'" وابەستەی پەروەردە دەکرێت، دێوی دەستەواژەی بیرکردنەوەی ڕەنگدانەوەیی"Reflective Thinking" وەک هاومانایەک بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دادەنێت، لەو بوارەیەوە ئەو لە پەرتووکی "چۆن بیردەکەینەوە-How We Think" ئاماژە بە تێڕوانینەکەی دەدات و دەبێژێت: " بیرکردنەوەی ڕەنگدانەوەییانە بریتییە لە بیرکردنەوەی چالاک، بەردەوام، بەئاگا و ورد، ئەو تاکەی هەڵگری بیرکردنەوەیەکی ڕەنگدانەوەییانە؛ سەبارەت بە هەر باوەڕ و ئایدیایەکی لە ڕێگەی بەڵگە و زانیاری پشتڕاستکراوەی واقیعی بڕیار دەدات" (Dewey, 1910, p: 6).

### 1 .2- پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

ئەم پێوەرانە ئاماژەن بۆ ئەو تایبەتمەندییە گشتییانەی کە تاکەکان لە پرس و گرفتەکانیاندا پەیڕەوی لێدەکەن، بەشێوەیەکی سەرەکی پێوەرەکان لەسەر بنەمای لۆجیک و جۆریی بەڵگەکان یان هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەکان دانراون (Paul, 1968, p: 1).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئامانجی ئەم پێوەرانە ئەوەیە کە ببنە پەیڕەوییەک بۆ چالاکییەکانی بیرکردنەوە. گرنگترین پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتین لە:- ١- ڕوونی "الوضح-Clarity"، ٢- ڕاستی "الحقیقة-Accuracy"، ٣- وردی"الدقة-Precision"، ٤-پەیوەندی"الربط-Relation"، ٥- قوڵی "العمق-Deep"، ٦- فراوانبوونی"الاتساع-Breadth"، ٧- حەوتەم: لۆجیک"المنطق-Logic" (Elder, 2019, p: 179-181)، (عتیبی، ٢٠٠٧، ٢٦-٢٨):

**یەکەم: ڕوونی "الوضوح-Clarity":**

ڕوونی لە دەربڕینەکان یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی وەک دەروازەیە بۆ پێوەرەکانی تر. ئەگەر دەستەواژەکان ڕوون نەبن، ناتوانین لە مەبەستەکانی تێبگەین بەهۆی ئەمەوە ناتوانرێت بڕیار لەسەر بدرێت.

**دووەم: ڕاستی"دەقیقی" "الحقیقة- Accuracy":**

واتە دەربڕینێکی خاڵی لە هەڵە، مەبەست لە ڕاستی ئەوەیە کە دەستەواژەکە بەگوێرەی پێوەرە واقیعییەکان ڕاست بێت. هەروەک دەشێ دەستەواژەکە ڕوون بێت بەڵام ڕاست نەبێت بۆنموونە دەگوترێت: "سەرجەم نەخوێندەوارەکان نەزانن" بۆ ڕاست و دروستی دەستەواژەکە دەتوانرێت ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکرێت:-

- ئایا ئەوە ڕاستە؟
- سەرچاوە و بەڵگەی ئەم زانیارییە چییە؟

**سێیەم: وردی"الدقة-Precision":**

مەبەست لە وردی گوزارشت لێکردنی بابەتەکەیە بەبێ زیادکردن و کەمکردنەوەلێی. واتە بەکارهێنانی وشەیەک یان دەستەواژەیەک لە بری وشەیەک یان دەستەواژەیەکی تر کە هەمان مانای وشەکە بدات وەک ( پوختەکردن یان کورت کردنەوە).

**چوارەم: پەیوەندی"الربط-Relation":**

واتە بەستنەوەی پەیوەندی نێوان پرسیارەکان یاخود ئەرگۆمێنتەکان یاخود دەستەواژەکانی ناو بابەتی باسەکە. هەروەها پێویستە سروشتی بابەتەکە بە وردی و ڕوونی پێناسە بکرێت، بۆئەوەی ئەو توخمانەی پەیوەستن بە کێشەکە و ئەوانەی پەیوەندییان پێوەی نییە، جودابکرێنەوە.

**پێنجەم: قوڵی "العمق-Deep":**

هەموو چارەسەرێکی ئاوەزی بۆ کێشەکە کەمێک بیرکردنەوەی قووڵی پێویستە کە بگونجێت لەگەڵ ئاڵۆزی بابەتەکە، بۆ نموونە دەگوترێت: "زۆرینەی خوێندکارانی بەشی فەلسەفە نمرەیان بەرزە" ئەم دەستەواژە وەک پێشەکییەک بۆ دەستەواژەیەکی تر بەکاردەهێنین کە "زۆرینەی خوێندکارانی بەشی فەلسەفە زیرەکن"، هەرچەندە دەستەواژەکە ڕوون و دروستە و پەیوەندیدارە بە بابەتەکەوە، بەڵام پێویستمان بە قوڵبوونەوەی زیاترە تاکو بزانین، ئایا مەرجە ئەوەی نمرەی بەرزبێت زیرەک بێت؟ پێوەری زیرەکی چییە؟ لێرەدا قوڵی یارمەتیدەرە تاکو بەدوای ئاڵۆزییەکانی بابەتەکەدا بگەڕێین لەپێناو دروستکردنی مەبەستێکی ڕاست و ڕوون.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**شەشەم: فراوانبوونی"الاتساع–Breadth":**

ئەم پێوەرە داوادەكات بۆچوونە جیاوازەكانی دیكە ڕەچاوبكرێن و گفتوگۆیان لەبارەوە بكرێت. مەبەست لەمە ئەوەیە كە بیركردنەوەی ڕەخنەیی دەبێت فراوان و گشتگیربێت ئەمەش لە كاتێكدایە كە زۆرینەی لایەنەكانی كێشەكە ببینرێن.

**حەوتەم: لۆجیک"المنطق–Logic"**: لۆجیک یەكێكە لە ئامرازە گرنگەكانی هەڵسەنگاندنی بیركردنەوەكان، وەک پێوەر و چوارچێوەیەكە بۆ چالاكی بیركردنەوە و دەستنیشانكردنی ڕاستی و هەڵە، بە گەڕانەوە بۆ دیاردەكانی دەرەوە هاڕمۆنی لەگەڵ دەستەواژە و بیرۆكەكان لە هزردا.

## 2 .2- ناساندنی ئارگیومێنت و دەستەواژەی لۆجیكی:

لەڕووی زمانەوانییەوە ئارگیومێنت"Argument" وشەیەكی ئینگلیزییە، لە ئارگیو"Argue" دروستكراوە كە بە واتای بەڵگە بەڵگەهێنانەوە، دەرخستن و پیشاندان، گفتوگۆ، پێسەلماندن دێت، لەماوەی پرۆسەی ئارگیومینتدا كە خستنەڕووی پێشەكییە؛ و ئەنجامێک لێی دەردەكێشرێت، پێیدەوترێت ئەنجامی وەدەستهاتوو یاخود هەڵهێنجان"Inference" (قەرەداخی، ٢٠٠٦، ٣٧-٤٧٣) ئارگیومێنت دەمەبۆڵە، دەنگبەرزكردنەوە نییە، بەڵكو ئارگیومێنت پاڵپشت بە لۆجیک؛ ڕاستی دەستەواژەیەک پشتڕاستدەكاتەوە، ئارگیومێنت لە بازنەی ئامرازەكانی: "ئەگەر، لەبەرئەوەی، لە كاتێكدا، چونكە...هتد" دەخرێتەڕوو (Storey, 2013, p: 6).

دەستەواژەی لۆجیكی چییە؟ ئایا سەرجەم دەربڕینەكان دەبن بە دەستەواژەی لۆجیكی؟ هەموو ئەو دەربڕینانەی دەكەونە بازنەی: ئاگاداركردنەوەWarning، ئامۆژگاریAdvice، ڕاپۆرتReport، دەربڕینی بۆچوونOpinion، فەرمانكردن، دەربڕینی سەرسوڕمانی، ناكەونە بازنەی دەستەواژەی لۆجیكییەوە (ئەحمەد، ٢٠٢١، ١٧٦).

لە ڕووی زمانەوانییەوە دەستەواژە"Proposition" بە واتای داواكردن، پێشنیازكردنی بابەتێک، كە لە پرپۆوز"Propose"ەوە هاتووە، بە واتای داخوازی دێت (قەرەداخی، ٢٠٠٦، ٧٥٥). ئارگیومێنت لەپێناو سەلماندنی دەستەواژەیەكی لۆجیكییە، مەرجی دەستەواژەی لۆجیكی بریتییە لەوەی كە بەها لەخۆبگرێت، بەمجۆرە جۆرەكانی تری دەربڕین نابن بە دەستەواژەی لۆجیكی (جەباری، ٢٠١٥، ٣١). ئارگیومێنت لەڕێگەی پێوەری لۆجیكییەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. "پێوەر" ئامرازێكی لۆجیكییە بۆ دیاریكردنی بەهای ئارگیومێنتەكان، بۆنموونە، "سەرجەم مرۆڤەكان بمرن، خودا نامرێ، كەواتە مرۆڤ خودا نییە" بەپێی پێوەری لۆجیكی ئەنجام ڕاست و دروستە، چونكە بە گەڕانەوە بۆ واقیع؛ دەسەلمێت كە مرۆڤ خودا نییە (Syllogism, 2013).

ئارگیومێنت خستنەڕووی هۆكار یاخود بەڵگەیەكە بۆ سەلماندنی بانگەشەیەک، مەبەست لە خستنەڕووی ئارگیومێنت بردنەوە و دۆڕان نییە، بەڵكو مەبەسەت گەیشتن بە ڕاستی یاخود چارەسەركردنی كێشەیەک، پرسێكە (ڕۆگیرۆ، ٢٠١٥، ٢٠٣). ژمارەیەكی زۆر ئارگیومێنت هەن، بەڵام بەناوبانگترینیان ئارگیومێنتی "پێوەری–


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

قیاسی-Syllogism"ییە (ڕەفیق، ٢٠١٤، ٥٩). پێویستە لەنێوان پێشەکی و ئەنجامدا پەیوەندی تەواوکاری هەبێت و ئەنجام لە پێشەکییەوە هەڵدەهێنجرێت، هەروەک دەشێ پێشەکییەک یان زیاتر بۆ ئەنجامێک هەبێت (Storey, 2013, p: 4).

بۆنموونە:

پێشەکی١: بەپێی یاسا فێرکار بۆی نییە توندوتیژی بەرانبەر فێرخوازەکەی بکات.

پێشەکی٢: ئاری فێرکاریە و توندوتیژی بەرانبەر بە فێرکارەکەی کردووە.

ئەنجام: ئاری یاسای پێشێل کردووە.

ئارگیومێنتی لۆجیکی جۆرە بەڵگەیەکی مەبەستدارانەیە بۆ چەسپاندنی دەستەواژەی لۆجیکی و پێوەری لۆجیکی بەهاکەی دیاریدەکات، بۆنموونە، ئەگەر دەستەواژەی "A" وەک ڕاستی سەلمێنرا؛ ئەوا دەستەواژەی "A" ڕاستە، بە پێچەوانەوە دەستەواژەی "A" هەڵەیە. ڕەگەزەکانی ئارگیومێنت بریتیین لە: ١- بانگەشە: بریتییە لەو دەربڕین و وتانەی پێویستییان بە پاڵپشتیکردن هەیە، بۆنموونە فێرخوازێک ئەرکەکەی جێبەجێنەکردووە، لێرەدا ئەو بانگەشەی ئەوەدەکات کە بۆچی ئەرکەکەی جێبەجێنەکردووە، ٢- پاڵپشت: بریتییە لە خستنەڕووی ژمارەیەک هۆکار یاخود هەر دەربڕینێکی تر بۆ پاڵپشتی دەستەواژەی بانگەشەبۆکراو، ٣- بەڵگە: ڕەگەزی سێیەم و نێوەندی ڕەگەزەکانی ئارگیومێنت خستنەڕووی ئەو بەڵگانەیە کە دەبن بە پاڵپشت بۆ دەستەواژەی بانگەشە بۆکراو، ٤- ڕوونکردنەوە: هەموو بەڵگە و بانگەشەیەک پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، ئەم ڕەگەزە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی بەڵگە و بانگەشەکان لەپێناو ڕازیکردن و گەیشتن بە سەلماندنی تێز یاخود دەستەواژەکە کە دەچێتە چوارچێوەی ڕاڤە و وەسفی بەڵگەکان (Walton, 1990, p: 406)، (عبدالرحمن، ئەوانی تر، ٢٠١٩، ٥٢-٥٤).

## 2. 3- تایبەتمەندییەکانی ناسینەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

دەتوانین لە ڕێگەی ئەم تایبەتمەندییانەی بیرکردنەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بناسینەوە (Elder, 2019, 186):

1 - **ڕاستگۆیی**: ئەم تایبەتمەندییە بریتییە لە بەرکەنارکردنی دووپێوەری یاخود جیاکاری و بەرژەوەندخوازی لە بڕیارەکاندا.

2 - **سەربەخۆیی**: بریتییە لە دەستبەرداربوون لە هەر ملکەچییەکی یاخود سەپاندنێک کە بیرکردنەوە ئاڕاستەدەکات.

3 - **کۆششکردنی هۆشیارانە**: واتە هەوڵدان، کۆڵنەدان و بەردەوامی بۆ چارەسەری پرس و گرفتەکان و هاندانی ئەوانی دی بۆ ئەم تایبەتمەندییە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

4 – **هاوسۆزی**: بریتییە لە هاوسۆزی بۆ ئەوانی دیکە، ئەویش لەو ڕێگەیەوە دێتەدی کە لە گۆشەنیگای ئەوانی دیکەوە بڕوانینە پرس و گرفتەکانیان، بۆنموونە، فێرکار خۆی دەخاتە جێگەی فێرخوازێکی و لە پرسەکانی دەڕوانێت بەمەش ئەو فێرکارە ئاسانتر و ڕوونتر لە گرفتەکانی خوێندکارەکەی تێدەگات.

5 – **سادەیی هۆشیارانە**: ئەو کەسەی هەڵگری تایبەتمەندی سادەییە؛ هەڵگری ڕوانینی ڕێژەییانەیە بۆ کۆی بابەتەکانی ژیانی و پێچەوانەی ڕەهاخوازییە. لێرەوە ئەو کراوەیە بۆ لەخۆگرتن و گوێگرتن لە زانیاری و دەربڕینی نوێ و ئەوانی دیکە، چونکە مرۆڤ ناکاملە، بەردەوام لە پرۆسەی گەشەسەندندایە.

6 – **ئازایەتی هۆشیارانە**: لە ڕێگەی بەڵگە و بیرکردنەوەی سەربەخۆیانە و زانیاری پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە دێتەدی، بریتییە لە دوپاتکردنەوە لەسەر ئەو باوەڕەی کە بە بەڵگەی لۆجیکی پشتڕاستکراونەتەوە.

## 4 - بەراوردی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە-لۆجیکی و بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە-نالۆجیکی:

لەم باسەدا ئامانجمان ڕوونکردنەوە و ڕۆشنترکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە ، بۆ ئەمەش دەشێ لە ڕێگەی بەراوردکردن لەگەڵ توخمە پێچەوانەکەی یاخود ناسینی بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە–نالۆجیکی؛ سروشتی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئاشکراتر بکرێت.

هەر بیرکردنەوەیەک لۆجیک و ئارگیومێنتی لۆجیکی، پێوەرەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی لەخۆنەگرت؛ دەچێتە بازنەی بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە، هەروەک ئاشکرایە بیرکردنەوە توخمێکی بناغەیی مرۆڤە، بەڵام چۆنێتی و جۆرێتی بیرکردنەوەکان پەیوەندیدارە بەو ئەزموون و پەروەردەیەی کە کەسەکان پشکدارن پێی، کەواتە هەمووان بیردەکەینەوە؛ بەڵام هەمووان ڕەخنەگرانە بیرناکەینەوە، بەشێک لە هۆکارەکانی ئەمانە بریتین لە پیادەنەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە؛ و لەجێگەیدا ناڕەخنەگرانە بیردەکەینەوە، بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە بەربەستی سەختی بەردەم بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە. ئەم تەوەرە هەوڵدانی زیاترە بۆ ناساندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەڕێگەی ناساندن یاخود ئاشکراترکردنی بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە.

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی ئامانجدار لە چوارچێوەی ئارگیومێنت و لۆجیک، ڕەنگە ئامانجی گەیشتن بێت بە: زانیاری، چارەسەرێک، لێکدانەوەیەک...هتد، بەڵام لە ئەو دۆخەی کە ڕەخنە، یاخود بیرکردنەوە و دەستەواژەکە مەبەستێکی بابەتییانە نەبوو؛ ئەوا لێرەدا بیرکردنەوەکە یاخود ڕەخنەکە دەکەوێتە بازنەی بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە، بۆنموونە، ڕەخنەگرتن لەشتێک لەپێناو شکاندن یاخود ڕەخنەیەکی کەسی (سەعید، ٢٠١٩، ٢).

بەرچاوترین تایبەتمەندی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئارگیومێنتی لۆجیکییە بۆ سەلماندنێک، بەڵام زۆرجار لە پاڵ دەستەواژەی لۆجیکیدا بە ویست و بێویست ژمارەیەک دەردەبڕین بەکاردەبرێن دەچنە بازنەی: هەستە کەسییەکانەوە، فەرمانکردنەوە، ئامۆژگاریکردنەوە، هەروەک لێرەدا ئارگیومێنتەکانیش نابن بە ئارگیومێنتی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لۆجیکی، چونکە لۆجیک مامەڵە لەگەل هەستە کەسییەکان یاخود ئەنجامگیرییە نابابەتییەکان ناکات. هەرجۆرە بیرکردنەوە یاخود دەربڕینێک: پێکەوەبەستراوی، ڕیکخراوەیی، پەیوەنداری لەنێوان پێشەکییەکان لەگەڵ ئەنجامدا نەبێت؛ بیرکردنەوەیەکی ناڕەخنەگرانەیە و ئارگیومێنتی نائارگیومێنتیین، چونکە ئەو لێرەدا هەوڵی سەلماندنێکی دەستوری نادات، بەڵکو ئەو هەستێک، خواستێکی کەسی ئاماژە پێدەدات (Storey, 2013, 7-8).

بۆنموونە:

پێشەکی١ هەڵە: سەرجەم ئەو فێرخوازانەی لە ڕۆژی تاقیکردنەوەیاندا ئامادەدەبن، نمرەی بەرز وەردەگرن.

پێشەکی٢ هەڵە: ئاری لە ڕۆژی تاقیکردنەوەکەی ئامادەبوو.

ئەنجامی هەڵە: ئاری نمرەی بەرز لە ئەو تاقیکردنەوەیە وەردەگرێت.

مەرج نییە تەنها ئەوانەی دەرفەتی پەروەردەیەکی دروستییان نەبووە؛ کێشەیان لەگەڵ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا هەبێت؛ بەڵکو زۆرجار نوسەر یاخود ئەوانەی ڕەخنەگرن ناڕەخنەییانە بیردەکەنەوە، ناڕەخنەییانە ئارگیومێنت و بڕیار دەخەنەڕوو، هەروەک ئەوکەسەی لە چالاکییەکی ڕۆنشبیریدا پرسیارێکدەکات بەلام بەرلەوەی وڵامەکە وەربگرێت شوێنەکە جێدەهێڵێت؛ پرسیارکردن تایبەتمەندییەکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە و پێویستی بە وڵام یاخود وەرگرتنی زانیارییەکەیە. هەروەها نەسەلماندن و پەسەندنەکردنی ئارگیومێنتی لۆجیکی تایبەتمەندییەکی تری بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانەیە (سەعید، ٢٠١٩، ٤).

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە توانستێکی بەرزی بیرکردنەوەیە، بەلام بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە ئاستێکی سەرەتا یاخود نزمی بیرکردنەوەیە، دەشێ لە بازنەی "ئیگۆسێنتریزم"دا بمێنێتەوە، کە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی هەڵەی بیرکردنەوەیە. ئیگۆ-سێنتریزم"Egocentrism" مەبەست ئەو تاکەیە بیردەکاتەوە بەلام بەشێوازێکی ناڕەخنەیی بەواتای: بیرکردنەوەی خۆ-نێوەندی، ئەوکاتەیە مرۆڤ خۆی لێدەبێتە چەقی گەردوون و تەنها گۆشەنیگای خۆی دەبینێت و بیرکردنەوەکانی خۆی "ڕاسترەوانە" بەسەر تەواوی کایەکان، گفتوگۆکان، دانیشتن و کۆبونەوەکان دەچەسپێنێت (Paul & Elder, 2014, 179)، (Stone, 2001, p: 9).

بیرکەرەوەی ئیگۆسێنتریزمیی دژبەری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکانە، ئیگۆسێنتریزم لەبازنەیەکی فراوانتردا دەبێتە سۆسیۆسێنتریزم"Sociocentrism" ئەویش خود-فانیکردنییەتی لە وێنەیەکی باڵاتردا بۆنموونە، لە سەرکردەیەک، پارتێک، باوەڕ یاخود ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو خۆی بەرجەستەدەکات، لێرەدا تەواوی باوەڕەکانی، ئارگیومێنتەکانی، توانستەکانی خۆی لە وێنەیەکی دەستەجەمعیدا دەتوێنێتەوە، ڕوخساری ئەم بیرکردنەوەش زۆرجار دەبێتە چەواشەکاری لۆجیکی"Logical Fallacy" بۆنموونە، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی پەنا بۆ زۆرینە یاخود گروپەکەی دەبات، ڕوخسارێکی تری ئەمجۆرە بیکردنەوەیە بریتییە لە "زۆرینە لەسەر حەقە" (Paul & Elder, 2014, p: 231-233).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەم دوو جۆرە بیرکردنەوە ناڕەخنەگرانە نزیکن لە تێڕوانینی "فرانسیس بەیکن'١٥٦١-١٦٢٦" لەبارەی هەڵەکانی بیرکردنەوە. دووان لە دیارترین هەڵەکانی بیرکردنەوە لای بەیکن بریتین لە: "وەهمی ئەشکەوت، قەتیسبوونی بیرکردنەوە لەنێو ئەشکەوتی خۆدا، وەهمی خێڵ، خۆ قەتیسکردنییەتی لەبازنەیەکی داخراودا لەژێر چەتری تیۆرێک، ئایدۆلۆژیایەک، گروپێکدا"، بەیکن ئەمانە بەربەستە سەختەکانی بەردەم بیرکردنەوەی نوێ و داهێنان و گەشەسەندنی بیرکردنەوە دەستنیشان دەکات (دیۆرانت، ٢٠٠٨، ١٣٣). مرۆڤی "سێنتریک" دەستبەرداری نۆرم و نەریتی ترادیشنی ژیان و تێڕوانینەکەی نابێت، لۆجیکی ئەم بیرکردنەوە گروپییە واخۆدەنوێنن کە میتۆد و تێڕوانینی ئەوان ڕاستە، تەنانەت ئەگەر هیچ کاتێک بە هەتەری"جدی" بیریان لەو بابەتە نەکربێتەوە، پاشان هەر دەستەواژە و بڕیارێکی ئەوان ناچێتە چوارچێوەی پێوەری لۆجیکییەوە، بەڵکو دەچێتە چوارچێوەی بەهای گروپەکەیانەوە (Elder, 2019, p: 13-14).

لەم ڕوانگەیەوە بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە بریتییە لەوجۆرە بیرکردنەوەی کە هەڵگری سیستمێکی توندیی دڵنیایی و نەشیاوی گۆڕان و کارلەسەرکردن و زانیاری پێدانە، هەروەک ژیانی لەژێر ڕۆشنایی دەستەواژەی "هی من باشترینە" دەگوزەرێنێت، یاخود بە چاویلکەی بینینی ڕەش یاخود سپی مامەڵەدەکەن؛ تۆ یان لەگەڵ بۆچوونەکەمی یاخود دژبەری منی (Elder, 2019, 4–6).

زۆرێک لەو کەسانەی ناڕەخنەگرانە بیردەکەنەوە، نازانن تەنانەت بۆچی بابەتێک لەلایان ڕاستە یاخود ناڕاستە، یاخود نازانن بۆچی ئەم کارەدەکەن، چونکە ئەوان هەرگیز نەیانخستۆتە ژێر نەشتەری بیرکردنەوەکانی خۆیانەوە، یاخود لەڕێگە و شێوازێکی دیکە لە بابەتەکەیان نەڕوانیوە، ئەمەش بریتییە لە قوڵایی بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە. ئەوان ناتوانن وێنەکە لەوە گەورەتر ببینن، چونکە هەربەوجۆرە بینیویانە، بەهۆی ئەمەوە هەڵگرانی بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانە ئاسان دەکەونە تەڵەوە، لێرەوەیە لە کۆمەڵگەی ناڕەخنەگرانەدا گروپ و دەستەی توند یاخود مەترسیدار دەردەکەون. بەڵام بیرکەرەوەی ڕەخنەگرانە پەیڕەوی ناچالاکانە یاخود بێدەنگییانەی جەماوەر ناکات، ئەو وەک پرسێکی خۆی بە ڕەچاوکردنی بەڵگە پەیوەندیدارەکان بڕیارێکی دادوەرانە دەدات لەبارەی دیاردەکانی ژیانی ڕۆژانەیەوە. ئەوان دۆستی نوێنەرایەتیکردن نین، واتە ناخوازن نوێنەریان هەبێت، لە هەمانکاتدا خۆشیان خواستی نوێنەرایەتی ئەوانی دیکەیان نییە (Elder, 2019, p: 19-36).

بیرکەرەوەی ناڕەخنەگرانە زێدەڕۆیی لە گشتاندن و چەسپاندنی تایبەمەندییەکان دەکات، بۆنموونە، زۆرجار ئامرازەکانی "هەموو، هیچ، گشت، هەمیشە، گرنگترین، یەکەمین، دوایین..." بۆ ئاماژەکردن یاخود یەکلاییکردنەوەی بابەتێک بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا زۆرێک لە گشتاندنەکان بەپێی پێوەری لۆجیکی ڕاست نین، چونکە "گشت، یاخود هەموو" ئامرازی فراوانن، ئەزموونکردنی "گشت" نەشیاوی جێبەجێکردنە (ڕۆگیرۆ، ٢٠١٥، ٢٦٢-٢٦٨)، لەبەرئەوەیە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە هەوڵدەدات خۆی بپارێزێت لە چەمک و ئامرازە گشتیی و ڕەهاکان، بەڵکو تایبەتتر دەدوێت، هەوڵدەدات سنورداریێتی لە دەربڕین لەڕێگەی ئامرازەکانی "بەشێک، زۆرێک، هەندێک، زۆرینە، کەمینە، زۆرجار، هەندێجار، ڕەنگە، ناشێت..." بەکاربهێنێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لە ئێستادا بەرچاوترین بەستەری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کایەی پەروەردەیە، و کاریگەرترین لێهاتووییە لە پەروەردەکردنی فێرخواز و پاشان کۆمەڵگە، بەتایبەت لەسۆنگەی لێهاتووی چارەسەرکردنی پرس و کێشەکانی ژیان، لێرەوە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگتر و پێوستتر دەبێت بە تایبەت لە کایەی پەروەردەدا، چونکە ئاڵۆزییەکانی ئەم سەردەمە مرۆڤی ئازاد و بیرکەرەوەی ورد"Precisely" و سەربەخۆی دەوێت، لێرەوە لێهاتووی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بووەتە ڕەگێکی فێرکردن و فێربوونی فێرخواز لەنێو کایەی پەروەردەدا، ئەو مرۆڤەی: "ورد نییە، سەربەخۆ نییە، لۆجیکی نییە" لە بیرکردنەوەیدا؛ ناتوانێت لە ئاڵۆزی و بێشوماری زانیاری و هەڵبژاردەکاندا خۆی بدۆزێتە و و ئاڕاستەبکات (Paul, 1997)، (Ahmed, 2020, 13).

**کەواتە**: دەتوانین بەمشێوەیە جیاوازی لە نێوان هەریەک لەم دوو جۆرە بیرکردنەوەیە بخەینەڕوو:

| **بیرکردنەی ناڕەخنەگرانە** | **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە** |
| --- | --- |
| لاساییدەکاتەوە. | بیرکردنەوەیەکی ڕەنگدانەوەیی هەیە. |
| پەرچەکرداری خێرایە. | دۆستی بەڵگەی ئاوەزی و شرۆڤەی گومان و بنەماکانە. |
| زیادەڕەوی لە متمانەبەخۆبوون، هەڵگری بیری داخراو. | خواستی بینینی ئەودیو ڕوداوەکانە. |
| ڕستەی ئەوانی تر تەواودەکات، قسەیان دەپچڕێنێت، پێشبینی بۆ ئەوانی تر دەکات. | گەڕانە بەدوای چارەسەر و جێگەرەوەدا. |
| دۆستی بەڵگەی ڕواڵەتیی و بەرچاوەکانە، | بەدوای بەڵگەی پێچەوانەدا دەگەڕێت. |
| لایەنگیری بەڵگەی ئەفسانەیی و ناکردارین. | هەوڵدەدات پابەندی لۆجیک بێت، |
| گشتاندنی بیرکردنەوە و دەربڕینەکانی. | توانستی جیاکردنەوەی بەڵگە لاواز و بەهێزەکانی هەیە. |
| کردنی هەڵەی لۆجیکی. | پێدراوەکان بە ڕەخنەوە لە گۆشەنیگای خۆیەوە هەڵدەسەنگێنێت. |
| پیادەکردنی دوو پێوەری | |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ئەنجام:

1 – بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، لێهاتووییە، مرۆڤ لە سەرەتاوە هەڵگریی نییە، بەڵکو لەڕێگەی ڕاهێنان و کار لەسەر کردنەوە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وەدیدێت.

2 – لۆجیک ئامرازی بیرکردنەوە و دەستنیشانکردنی ڕاستی یاخود هەڵەیە، لەبەرئەوە ناسینی لۆجیک و پێوەرەکانیی مەرجی بناغەیین بۆ دەستەبەرکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

3 – پەروەردە و میکانیزمەکانی پەروەردەکردن ڕۆڵی مەزن دەبینن لە بەرزکردنەوەی ئەم لێهاتووییە ئاوەزییە.

4 – ئەم لێهاتووییە تەنها تایبەت نییە بە نوسەر و ئەوانەی لە بواری ئەکادیمیدا کار دەکەن، بەڵکو ئەم لێهاتووییە کراوەیە بۆ سەرجەم مرۆڤەکان لە تەواوی بوارە جیا جیاکانی ژیاندا.

5 – هەڵەکانی بیرکردنەوە لە نائامادەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە بیرکردنەوەی تاکەکاندا پیادەدەکرێت، بیرکردنەوەی "سێنتریزم" من-گەرا یاخود گروپ-گەرا؛ دیارترین دەرکەوتەکانی بیرکردنەوەی ناڕەخنەگرانەن.

## پێشنیار:

1 – بیرکردنەوەی داهێنەرانە سەر بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، لەو ڕوانگەوە، پێشنیاردەکەین لێکۆڵینەوەی زیاتر لە پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکرێت.

2 – پێشنیار دەکەین، لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و ئەکادیمی؛ زیاتر گرنگی بە لێکۆڵینەوە و دەرخستنی گرنگی لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بدەن، پێویستە کار بکرێت لەسەر جێبەجێکردنی ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی ئەم لێهاتووییە لە پرۆگرام و خوێندنی فێرگەکاندا، تاکو فێرخوازەکان ڕابهێنرێن بە شێوازێکی باش لە ئاست پرس و کێشەکانیاندا بیرکردنەوە، چونکە بەمرێگەیەوە دەتوانرێت تاکەکان، پاشان کۆمەڵگە لەگەڵ گەشەسەندن و پێداویستی سەردەمەکەی هەنگاوبنێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پەراوێزەکان:

ئارگیومێنت لە لۆجیکی فۆرمالی (ئەریستۆتێلیس"٣٨٤-٣٢٢ پ.ز") بۆنموونە، سەرجەم مرۆڤەکان بمرن، سۆکرات مرۆڤە، سۆکرات بمرە. واتە لە پێشەکییەکی گشتی زەینییەوە ڕووە و ئەنجامێکی تایبەتی واقیعی دەبزوێت (بەزاز، ٢٠١٩، ١٨٤)، بەڵام میتۆدی "ئیستقراء" پێچەوانەی ئەمە، لە دیاردە تایبەتەکان دەتوێژێتەوە و ئامار و ئەزموونەکات، بەڵگە کۆدەکاتەوە پاشان ئەنجامێکی گشتی وەک بەڵگەیەکی سەلێمنراو بنیاددەنێت (جەباری، ٢٠١٥، ٧٥).

یاساکانی هزر لای (ئەریستۆتێلیس"٣٨٤-٣٢٢ پ.ز") بریتین لە: ١- یاسای خۆیەتی "س هەر س"ە، ٢- یاسای ناکۆک "ناشێ س ص بێت"، ٣- یاسای بێ مامناوەندی "س یان ص یان ص نییە" (جەباری، ٢٠١٥، ٢٣). ئەو بنەمایانەن کە هزر پیادەیان دەکات لەپێناوگەیشتن بە ڕاستی و دروستی (چیا، ٢٠٠٥، ١٣٤).

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە مەبەستمان لە ئەو ڕەوتە فەلسەفییە نییە کە سەرەتاکەی بۆ فێرگەی فرانکفورت دەگەڕێتەوە. فرانکفورت فێرگەیەکی ڕەخنەییە بۆ ڕەخنەکردنی پۆزیتیڤیزم، خۆشبینییەکانی ڕۆشنگەری و ڕەتکردنەوەی فاشیزم، هەروەها مەبەستمان لە کردەی ڕەخنەکردن لە گفتوگۆ و تێکستێک نییە، لە ڕاستیدا مەبەستمان کردەی ڕەتکردنەوەش نییە، بەڵکو مەبەستی ئێمە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، وەک میتۆد و شێوازی پیداگۆجییانەیە، بۆ بەگەڕخستنی توانستی شێوازی بیرکردنەوەیە ڕووە و هەڵوێستە ناخەکی و کردارییەکانی ژیانی مرۆڤ.

لێرەدا مەبەستمان لۆجیکی نافەرمییە، کە لەدوای سەدەی بیستەوە شارەزایان لەڕێگەی "لۆجیکی نافۆرمال"ەوە گەشەیان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا، ئەمەش لە پێناو دەربازبوون لە قەتیسبوونی لۆجیک تەنها لەبوارە ئەبستراکتەکاندا، وەک ئەوەی لۆجیکی فۆرمال لای (ئەریستۆتێلیس"٣٨٤-٣٢٢ پ.ز") کە ئارگیومێنتێکی گشتی ئاوەزی دەکاتە پێوەری حکومدان بۆ دیاردە واقیعییەکان، بەڵام لۆجیکی نافۆرمال بەشدار نییە لە بوارە مێتافیزیکییەکان، بەڵکو لەگەڵ دیاردە واقیعییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگە ئامادەیی هەیە (بەزاز، ٢٠١٩، ١٨١-١٨٧)، (Groarke, 2017).

بۆنموونە؛ دوو هاوڕێ لە کەنار ئاوێک گفتوگۆدەکەن دەکەن لەوەی کە ئەو شتەی دوورەوە لەسەر ئاوەکەیە "ئاسکە یاخود باڵندەیە" دوای فڕینی باڵندەکە؛ کە فڕین بەڵگەیە بۆ باڵندەبوون، بەڵام هاوڕێکەی هێشتا ئەوە ناسەلمێنێت کە باڵندەیە، بەڵکو دەڵێت: "ئەگەر تەنانەت بفڕێت هێشتا هەر ئاسکە".


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# Critical Thinking Based on Logic

**Muslim Hassan Muhammed**
Department of Philosophy, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** dr.muslimhasan2004@uor.edu.krd

**Jutyar Ismael Jamal**
Department of Philosophy, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Jutyar.01457@gmail.com

**Abstract:**

Logic is the measure and framework of thinking. Critical thinking means meticulous, organized, and purposeful thinking. Critical thinkers are not always critics. Critical thinking plays a role in every behavior, argumentation, and decision. These are accomplished through dialogue, explanation, and observation, in accordance with logical measures.
Dialogue and thinking belong to logic. Logic is a means to organize the ways of human thinking. Critical thinking is a skill honed and improved by training and work, given the fact that most people are not born with an inherent skill of thinking critically, but that thinking is often restricted within a limited circle. This contradicts with critical thinking.

**Key words:** Thinking, Logic, Argumentation, Decision, Criteria, Uncritical, Truth.

**سەرچاوەکان:**

بەزاز، سەعد، ( ٢٠١٩) ، لەبارەی خوو و ڕەفتاری مرۆڤەوە، دیدار لەگەڵ د .عەلی وەردی، و، وەهاب حەسیب، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

جەباری، حەسەن حسین (٢٠١٥) ، لۆجیکی فۆرمال و لۆجیکی هاوچەرخ، چاپخانەی نارین، هەولێر.

چیا، محمد، ( ٢٠٠٦) ، فەرهەنگی فەلسەفی، چاپخانەی مەهارات، تاران

سەعید، د .شاهۆ، ( ٢٠١٩) ، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی چییە؟، ماڵپەڕی سبەی، ١٥ ، ٦ ، ٢٠١٩ لێرە بەردەستە: https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=14991&fbclid=IwAR2dBrXj28SD6HUtqiJ6M1LF3sUopP73sr qWvjDps5mCYtvywLEdKlaHcoI .

دیورانت، ویڵ، ( ٢٠٠٨) ، سەربەردەی فەلسەفە، و، تاریق کارێزی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

ڕۆگیرۆ، ڤینسێنت رایان، ( ٢٠١٥) ، لەودیو هەستەکانەوە' ڕێبەرییەک بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی'، و، هەرێم هادی، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.

ڕەفیق، فاروق، ( ٢٠١٤) ، لۆژیک و هونەری ئارگیومێنتسازی، چاپخانەی شڤا ن، سلێمانی.

سەعید، شاهۆ، ( ٢٠١٩) ، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، گۆڤاری نێگەتیف، لا :٢ – ٣٩ ، ٥،٨،٢٠١٩ ، لێرە بەردەستە :https://negativegroup.org/multimedia/files/with%20shaho%20saeed.pdf

سەعید، فایەق، ( ٢٠١٩) ، دیداکتیک، چاپخانەی غەزەلنووس، سلێمانی.

عبدالرحمن، بەرهەم ستار، کەریم، توانا ڕەشید، ئەحمەد، سۆران حەمەدەمین، ( ٢٠١٩) ، دەروازەیەک بۆ گفتوگۆی ئەکادیمی و بیری ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی . الأشقر، فارس راتب، ( ٢٠٢١) ، فەلسەفەی فێرکردنی بیرکردنەوە، و، لە عەرەبییەوە، حەسەن حسێن صدیق،"وەرگێڕانی بڵاونەکراوە."

قەرەداخی، د .حەمە ڕەشید، ( ٢٠٠٦) ، فەرهەنگی ئازادی ئینگلیزی کوردی، چاپخانەی ئیحسان،" بەبێ شوێنی- چاپ".

عتيبي، خالد بن ناهس، ( ٢٠٠٧) ،' أثر استخدام بعض أجزاء برنامج الكورت في تنمية مهارات التفكير الناقد و تحسين مستوى التحصيل االدراسي لدى عينة من طلاب المرحلة الثانوية بمدينة الرياض'، كلية التربية، جامعة أم القرى، المملكة العربية السعودية.

النجيحى، محمد لبيب، (١٩٧٤) ، فلسفة التربية، الناشر مكتبة الأنجلو المصرية، الطبعة الثالثة، القاهرة.

Ahmed, Idrees Ali, (2020), 'Critical Thinking and Critical Thinking Development; an Investigation on EFL Teacher's Conception and Practice at High Schools in Sulaimani City', Master Thesis, Pyame Noor University, Iran.

Dewey, John, (1910), How we Think, Published by D. C. Health & CO, Boston, USA.

Elder, Dr. Linda, (2019), Biographical Information, the Foundation for Critical Thinking, published in 2019, www.criticalthinking.org, Available at: https://www.criticalthinking.org/pages/dr-linda-elder/819.

Elder, Linda, (2019), Liberating the Mind: Overcoming Sociocentric Thought and Egocentric Tendencies, published by Rowan Littlefield, USA.

Georke, Leo, (2017), Informal Logic, Stanford Encyclopedia of Philosophy, 2 Jan 2017, Available at: https://plato.stanford.edu/entries/logic-informal/#pagetopright.
Lipman, Matthew, (1988), Critical Thinking; what can it be? The Journal of Montclair State College, Institute for Critical Thinking, Vol. 1, no, 1, Available at: https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED352326.pdf.
Lucia, Olga, Sofia, Diana, Daza, Maria Del Pillar Vargas, (2017), Critical Thinking and its importance in Education, the Journal of Rastros Rostra, vol, 19, no, 32, Industrial University of Santander, available at: https://dialnet.unirioja.es/descarga/articulo/6975444.pdf. And: https://revistas.ucc.edu.co/index.php/ra/issue/view/200.
Parr, Ronald, (2016), On the Importance being Wrong, Published in 2016, www.duke.edu, Available at: https://users.cs.duke.edu/~parr/Graduation2016.html.
Paul, Richard William, (1968), Logic as Theory of Validation: an Essay of Philosophical Logic, Doctoral Thesis, University of California. United States of America.
Paul, Richard, (1997), critical thinking movement: 3 waves, as an Essay, www.Criticalthinking.org. Available at: https://www.criticalthinking.org/pages/critical-thinking-movement-3-waves/856
Paul, Richard, Linda Elder, (2014), Critical Thinking Tools for Taking Charge of your professional and personal life, Pearson Education, USA.
Siegel, Harvey, (2020), Philosophy of Education, Encyclopedia Britannica, 20 October 2020, available at: https://www.britannica.com/topic/philosophy-of-education/Problems-issues-and-tasks.
20
Stone, Dr. Joshua David, (2001), How to Clear the Negative Ego, Club Press, Lincoln, USA.
Storey, Mark, (2013), Critical Thinking, Published by: Free Software Foundation, University of Bellevue, Omaha-USA.
Syllogism, (2013), Encyclopedia Britannica, 23 December 2013, available at: https://www.britannica.com/biography/John-Venn.
W. Collins, John, O'Brien, Nancy Patricia, (2003), the Greenwood Dictionary of Education, Second Edition, Greenwood Publisher, New York.
Walton, N. Douglas, (1990), what is reasoning? What is an Argument? The Journal of Philosophy, Aug1990, Vol. 87, no. 8, Available at: http://www.jstor.com/stable/2026735.
Winch, Christopher, Gingell, John, (2008), the Philosophy of Education the Key Concepts, Second Edition, Rutledge Press, London.